# پێویستە هێزەکانی ناوخۆ هۆشیار بکرێنەوە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و ئەرکەکانیان

بۆ بەڕێزان / سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
/ سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران
/ وەزارەتی ناوخۆ
/ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
/ دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی لە گەرمیان و کەلار ..

دوای شانزە ساڵ لە حوکمڕانی حکومەتی کوردی و بانگەشەکردن بۆ ئازادی بیروڕا، کەچی تازە بەتازە ڕێگە بە ڕۆژنامەنووسان نادرێت وێنەی ڕوداوەکان بگرن , یان ڕوماڵی ڕووداوەکان بکەن بە پێی مافە سروشتیە پیشەیەکەیان کەلەهەموو شوێنێکی ئەم دنیادا دەستەبەرکراوە بۆیان .
لەکاتێکدا ڕۆژی 2007/2/3 ڕۆژنامەنووس (گەرمیان حەمەخان ) لە گەڵ ڕۆژنامەنووسێکی هاوکاری سەرقاڵی ئامادە کردنی ڕاپۆرتێك ئەبن سەبارەت بە (گران بوونی نرخی کرێی هاتوچۆی ناوخۆیی کەلار و مانگرتنی شۆفێران) لەلایەن ژمارەیەك پۆلیسی کەلارەوە کە بۆ هەڵمەتی تەجاوزات دانرابوون ، ڕێگەیان لێ ئەگرن و (گەرمیان حەمەخان) بە شێوازێکی ناشیرین دەستگیر دەکەن و ئەیبەن بۆپۆلیسی کەلار , دواتر هەموو وێنەکانی ناو کامێراکەی ئەسڕنەوەو ماوەیەك لای خۆیان دەستبەسەری ئەکەن و ئەوکات ئازادی ئەکەن .
ئێمە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەخوارەوە ئیمزامان کردووە لە ڕوانگەی بڕوابوونمان بە ئازادی بیروڕا و مافە پیشەییەکانی ڕۆژنامە نوسان لەدەستڕاگەیشتنیان بەشوێنی هەواڵ و سەرچاوەی هەواڵ , بەتوندی نارەزای خۆمان دژی ئەم پێشێلکاریە دەر ئەبڕین و هەر کارێکی تری لەم جۆرەیش ئیدانە ئەکەین بە تایبەت لە لایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە , داواکارین سزای ئەو کەسانەیش بدرێت کە سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسان دەکەن و دەزگاحکومیەکانیش فێربکرێن کە ماف و کەرامەتی ڕۆژنامەنوسان هێندە بێ نرخ نیە هەرکەسێك هەستێت پێشێلی بکات .

**بەیاننامەی نارەزایی ڕۆژنامەنوسانی گەرمیان**
**2007/2/5**

**ئەم بەیاننامەیە 25 ڕۆژنامەنووس لەگەرمیان ئیمزایان کردووە**